# بەختLuck

## نووسینی مارك توین Mark Twain

## پ.ی.د. محمد عزیز سعید لە ئینگلیزیەوە وەریگێڕاوە

## کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر

لە لندن بانگهێشت کرابووم بۆ نان خواردن بەبۆنەی ڕێز لێنانی یەکێك لەو دوو سێ ناوە سەبازانەی ئەم نەوەیە. بۆ چەند هۆیەك ئێستا دەردەکەوی، ناو و ناونیشانی ڕاستەقینەی نالێم، بەڵکوو پێ ی دەڵێم فەرماندەی گشتی لۆرد ئارسەر سکۆرسبی، ف.س.، ك.س.ب.، .... هتد، هتد، هتد، هتد. خۆشی ئەو ناو گۆڕینە چیە! پیاوەکە لەوێ دانیشت، لەو ڕۆژەوە هەزاران جار گوێم لێ بووە، سی ساڵ لەمەو پێش، کاتێك ناویان بەرزکردەوە بۆ ئاسمان لە شەڕی نیووە دوورگەی قرم، بۆ هەتا هتایە بمێنێتەوە و ئاهەنگی بۆ بگێڕن. بۆمن خواردن و خواردنەوە بوو بۆی بگەڕێم، تەماشا بکەم، وە تەماشە بکەم لەو نیمچە خواوەندە، کۆپی دەکا، بەدوای دا دەگەڕێ و تێبینی دەکا، بیپارێزی، ئەو ڕووخسارە سەرنج ڕاکێشەی، ڕاستگۆیەکی سادە لە هەموو جەستەی بەدەر دەکەوت، شیرنی گەورەیی بێ هەستیەکەی- بێ هەستی، سەدان چاو، ڕێزی لێ دەنا، بێ هەستییەکی قووڵ ، خۆشەویستی، پەرستنێکی بەرێز لە سینگی هەموو ئەو خەڵکە دەهاتە دەرەوە و ئاراستەی ئەویان دەکرد.

قەشەکەی لای چەپم، یەکێك لە زوڵم لێکراوەکانم بوو- ئێستا قەشەیە، بەڵام نیوەی ژیانی لە کەمپ و گێڵگە وە وەکوو مامۆستا لە قوتابخانەی سەربازی وولۆیچ بەسەر بردبوو. تیشکێکی تاك لەنێوان ڕۆبەکەی لە چاوەکانیەوە برێقەی دەدایەوە، و خۆی چەماندەوە و بە باوەڕەوە بە گوێمدا چرپاندی – بە چاو چروکاندنەوە ئاماژەی بە و خواردنە مەزنە دەکرد:

" بەینی خۆمان بێ، بەڕاستی گەمژەیە."

ئەو بریارە دادوەرییە بۆ من جێ ی سەرسوڕمان بوو. خۆ ئەگەر دەربارەی ناپلیۆن، یان سووکرات یان پێغەمبەر سولەیمان بایە، لەوە زیاتر سەر سوورهێنەر تر نەدەبوو. من لە دوو شت ئاگادار بووم: قەشەکە بەڕاستی توونْد بوو، وە هەڵسەنگاندنی پیاوەکانی زۆر باش بوو. لە بەر ئەوە ، بە بێ هیچ گوومانێك و پرسیارێك دەمزانی کە هەموو جیهان دەربارەی ئەو پاڵەوانەتیە هەڵەیە: ئەو گەمژەیە. لەبەر ئەوە مەبەستم بوو، لە کاتێکی گوونجاو بیدۆزمەوە ، چۆن ئەو قەشەیە بەتەنیا و تاکە کەسی ، ئەو نهێنیەی دۆزیوەتەوە.

دوای چەند ڕۆژێك هەڵکەوت ، و هەر ئەوە بوو قەشەکە پێ ی گووتبووم.

نزیکەی چل ساڵ لەمەو بەر ، لە ئەکادیمیای سەربازی وولۆیچ مامۆستا بووم. من لە یەکێك لە بابەتەکان ئامادەبووم، کە سکۆرسبی لاو تاقیکردنەوەی سەرەتایی ئەنجام دا. بەخێرایی هەستم بە بەزەیی کرد: لە هەموو بابەتەکە بەڕوونی و جوانی وەلامی دایەوە، لە کاتێکدا ئەو – بۆچی، گیانی من، نەی دەزانی چۆن قسە بکات. بە بەڵگەوە ئەو باش بوو، شیرین بوو، وە خۆشەویست و سادە بوو، زۆر ئازار بوو بیبینم لەوێ ڕاوەستاوە، هەروەکوو وێنەیەکی

هەڵکەندراو هێمن بوو، وە وەڵامەکانی وای دەردەخست پەرچووی گەمژە و گوێ پێ نەدەر بوو. هەرچی بەزەییم هەبوو ئاراستەییم کردبوو. بەخۆمم گووت، ئەگەر جارێکی کە بێتەوە بۆ تاقیکردنەوە ، تێی دەپەڕێنێ؛ بەڵێ، ئەوەندەی بتوانم سەرنەکەوتنەکەی بۆ ئاسان و بێ ئازار دەکەم. بردمە لایەك و بۆم دەرکەوت کە زانیاری لە سەر مێژووی قەیسەر کەمە، هیچی دەربارەی نەدەزانی، چووم بۆ ئیش کردن و ئەوم هەڵگۆڵی هەروەکوو ناندنی بەندەکان دەربارەی هەندێ پرسیار لە سەر قەیسەر ئەوەندی دەمزانی کە دەکرێ بەکاری بهێنێ. ئەگەر باوەڕم پێ دەکەی، هەروەکوو ڕەنگە فریوەکان ڕۆژی تاقیکردنەوەی تێپەڕاند! بەناو هەڵە یاساییەکانی دا ڕۆیشت، و دەست خۆشیشیان لێ کرد، لە کاتێکدا ، ئەوانی تر هەزار جار لەویان زیاتر دەزانی ، گەرم داهاتبوون. بەڕۆی هەندێ ڕووداوی بەختی پێش هات ، پێشهاتێك لە سەدەیەکدا دوو جار ڕوو نادات- کەس لە دەرەوەی بابەتەکە پرسیاری نەکرد.

گەمژەیی بوو، هەرچەندە لە کۆرسەکە من لە تەنیشتی دانیشتبووم ، وەکوو هەستی دایکێك بەرامبەر منداڵە کەم ئەندامەکەی، و بەردەوام بە پەرچوو خۆی دەپاراست — وا پێدەچوو.

ئێستا بە دڵنیاییەوە، ئەو شتەی ئەوی ئاشکرا دەکرد و دەی کووشت ماتماتیك بوو. من بریارم دابوو ئەوەندەی بتوانم مردنەکەی بۆ ئاسان بکەم، هانم داو و بەهەڵەم دابرد، وە بەهەڵەم دا برد و هانم دا، بەهەمان شێوەی تاقیکەرەکان بەکاری دەهێنن، ئینجا خستنەگەڕی داهاتووی. بەڵێ، بەڕێز، هەوڵ بدە ئەنجامەکە دیاری بکەی: بە ترس، یەکەم دیاری وەرگرت، و لەگەڵێدا ڕێزلێنانێکی تەواوی وەکوو دەست خۆشیەك بەدەست هێنا.

بخەوە؟ هەفتەیەك بوو خەوم نەمابوو، شەو و ڕۆژ دەروونم ئازاری دەدام، چیم کرد، ئەوەی کردم تەنها وەك خێرخوازی بوو بۆ ئەوەی کەوتنی ئەو هەژارە ئاسان بکەم- هەرگیز ئەو جۆرە ئەنجامە نارەوایەم بەخەونیش نەبینیوە ، ئەو شتەی ڕووی دا. هەستم کرد تاوانبارم و غەمگینم هەروەکوو خوڵقانی فرانکنشتاین. لێرە سەرە دارێك هەبوو دام نابوو بەشێوەی بەرزڕاگرتنی درەوشاوە و بەرپرسیاریەتێکی چاوەڕوان نەکراو، بەڵام لەوانەیە شتێك ڕوویدات: خۆی و بەرپرسیارییەتەکان هەمووی لە یەکەم هەل دا دادەڕمێن.

تازە شەری قرم ڕاوەستابوو. بەخۆمم گووت، بێگوومان دەبوو شەر ڕووی بدابایە: ئاشتیمان نەدەبوو وە ئەو کەرەش هەلی مردنی نەدەبوو پێش ئەوەی بیدۆزنەوە. چاوەرێ ی بوومەلەرزەم کرد، بوومەلەرزە هات، لەگەڵێدا لار بوومەوە، لەڕاستیدا ئەو بەرز کرابووەوە بۆ پلەی کاپتن لە کاتی ڕێپێوانی فەوجەکەیدا! لە سەربازیدا پیاوان باش پیر دەبن و سەریان سپی دەبێ پێش ئەوەی بەرز بکرێنەوە بۆ ئەم جۆرە پلەیە ، هەمیشە پێش بین دەکرا کە بەم ڕۆژە دەگەن ، ئەم بەرپرسیاریەتیە وەربگرن لەسەر ئەو شانە سەوزە نابە جێ یانە؟ تازە دانیشتبووم کە بەرز کرایەوە بۆ ئەفسەری پلە دوو — نەك کابتن- بیری لێ بکەوە! هەستم کرد سەرم سپی دەبێ.

بزانە چیم کرد- بەخۆمم گووت، من زۆر دڵخۆش و خۆش گووزەرانم، بۆ ئەم کارە خۆم بە بەرپرسار دەزانم بەرامبەر وڵاتەکەم ، پێویستە لە گەڵێدا برۆم ئەوەندەی بتوانم وڵاتم لە دژایەتی ئەو بپارێزم. سەرمایە کەمەکەم هەڵگرت، لە ساڵانی ڕابووردوو دا کۆم کردبووەوە، لە کاتی دارمانی ئابووریمان دا، بە دڵخۆشیەوە چووم پلەی ئەفسەری دووم لە فەوجەکە کرِی، لەوێ وە ڕۆیشتین بۆ کێڵگە.

وە لەویٚ- ئای خوایە، زۆر خراپ، هەڵەی کووشنەد؟ بۆچی، هەرگیز هیچی نەکردووە جگە لە هەڵەکردن. بەڵام ، دەبینی کەس دۆستی نهێنی نیە- هەموویان ئەویان بەهەڵە زانی، باش لێی تیٚ نەگەیشتن لەکاتی دەرئەنجامی هەموو ئەرکەکاندا- دەرەنجام هەڵە گەمژەکانیان بۆ ئیلهامی نایاب؛ بەراستی ئەوان کردیان! هەڵە مام ناوەندیەکانی ، بەس بوو بۆ ئەوەی پیاوی ژیر بگریەنیٚ؛ وە وایان لێکرم بگریەم- بەتەنیایی، توورە و هەڵچوون. وە ئەوشتەی بەردەوام منی هێشتبووەوە لە ئارەقی غەم دا، ئەو راستیە بوو کە هەر هەڵەیەکی تازەی دەکرد ، رێزلێنانی زیاتر دەدرەوشاندەوە! بە خۆمم گووت، وا بەرزی دەکەنەوە ، کاتێك راستیەکان ئاشکرا دەبیٚ وەکوو کەوتنەخوارەوەی خۆر لە ئاسمانەوە دەبێت.

لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی تر بەرز دەبووەوە، بەسەر لاشەی مردووە مەزنەکاندا، تاوەکوو گەرمەساتی جەنگی.... رۆیشت بەرێز کۆلۆنێل، دڵم بازی دایە ناو دەمم، چونکە سکۆرسبی دووەم بوو! ئۆی، گووتم، هەموومان دوای دە خوولەك، بە دڵنیاییەوە، لە شیوول دەنیشینەوە.

جەنگە خراپەکە گەرم بوو، هاوپەیمانەکانمان لەهەموو گۆرەپانەکە دەرۆیشتن، فەوجەکەمان شوێنێکی گرنگی داگیر کرد؛ ئێستا هەڵەی گەورە وێرانکەر دەبیٚ. لەم کاتە هەستیارە، ئەو گەمژە نەمرە چی دەکا جگە لە جیاکردنەوەی فەوجەکە لە شوێنەکەی و فەرمانی بارگەکردن دەدا لەسەر گردەکەی نزیکمان کە دووژمنی لیٚ نەدەبینرا!، گووتم "ئەوەتا، ئەوە کۆتاییەکەیەتی."

چووینە ئەولا، گەیشتبووینە قەدپاڵی گردەکە پێش ئەوەی جوڵەی ئەوشێتە بزانیٚ و بیوەستێنیٚ. و چیمان دۆزیەوە؟ هەموو هێزی یەدەکی گوومان لێنەکراوی سەربازی رووسیا! وە چی روویدا؟ لە سەدا نەوەت و نۆ بەبیٚ گوومان، دەیان خواردین؟. بەڵام نەخێر، ئەو رووسانە گووتیان هیچ فەوجێك لەم کاتەدا نایات. دەبیٚ هەمووی هێزی سەربازی ئینگلیزەکان بیٚ، و گەمەی رووسە فێڵ بازەکان زانرا و وەستێندرا، کلکیان وەرگێرا و دوور کەوتنەوە، بە هەرەمەکی بەسەر گردەکەدا چوونە خوارەوە بۆ ناو کێڵگەکە، بە سەر لێشێواویەکی شێتانە، وە ئێمەش لە دوای ئەوان، و هەرخۆیان سەنتەرە مەتینەکەی رووسیایان لە گۆرەپانەکە شکاند ، و دراندیان، لەکاتێکی زۆر کەمدا، شکان و پاشەکشەیەکی گەورە روویدا، و شکان و پاشەکشەی هاوپەیمانان هەڵ گەرایەوە بوو بە سەرکەوتنێکی مەزن! مارشاڵ کارۆنبێرت تەماشای کرد، کێژو شۆك، پێزانین و دڵخۆش؛ بە دوای سکۆرسبی دا نارد و لە گۆرەپانەکەدا لە بەر چاو هەموو سەربازەکان! باوەشی پێدا کرد،

وە هەڵە گەورەکەی سکۆرسبی لەو کاتەدا چی بوو؟ هەڵەکەی ئەوە بوو لەجیاتی بۆ لای راست بڕوات، بۆ لای چەپ سووڕایەوە، ئەوە هەموو هەڵەکەی بوو. فەرمانی پیٚ کرا کە بگەرێتەوە و پاڵپشتی لای راست بکات؛ لە جیاتی ئەوە بەرەو پێش رۆیشت و چووە سەر گردەکە بۆ لای چەپ. بەڵام ئەو رۆژە ناوی دەرکرد وەکوو سەربازێکی زیرەك و لێهاتوو و جیهانی پڕکرد لە سەربەرزی ، ئەو شانازیەش هەرگیز لەناو ناچیٚ و کتێبەکانی مێژوو توماریان کردوە.

ئەو زۆر باش و شیرین و خۆشەویستە، هەرگیزخۆی دەرنەدەخست، بەڵام نەیدەزانی لە کاتی باران بارین دا چۆن بێتەوە. ئێستا ئەوە زۆر راستە. ئەو کەرێکی زۆرگەورەی ئەم گەردوونەیە؛ هەتا نیو کاتژمێر لەمەو پێش کەس نەیدەزانی جگە لە من و خۆی. ئەو رۆژ بە رۆژ و ساڵ بە ساڵ هان دراوە بە باشترین و سەرسوورێنەر ترین بەخت.

بۆ چەندین نەوە لە چەندین جەنگدا بووە بە سەربازێکی درەوشاوە؛ هەموو ژیانی سەربازی بە هەڵەی گەورە داپۆشیبوو، وە هەرگیز کارێکی نەکردبوو بیکات بە سوار چاك ، بیکات بە باڕۆنێت یان لۆرد یان هەرشتێکی تر. تەماشای مەمکەکانی بکە، بە دیکۆری خۆماڵی و بیانی داپۆشیون. بەرێز، هەریەکێك لەوانە تۆماری هەندێ هاواری گەمژەیە یان ئیتر، هەمووی بەیەکەوە وەربگرین، دەی سەلمێنێ کە باشترین شت لەم جیهانە ئەوەیە پیاو کە لە دایك دەبێ بە بەخت و خوا پێداو بێت. هەروەکوو لەکاتی نانخواردنەکە گووتم، جارێکی تر دەی لێمەوە، سکۆرسبی گەمژەی تەواوە.

بەخت یان خوا پێداو چیرۆکێکی ئەمەریکیە. ساموێل لانغۆم کلیمنس ( مارك توین) ، نووسەر و چیرۆك نووس و گاڵتەبازی ئەمەریکی نووسیوویەتی. نووسەر لە 1835/11/30 لە فلۆریدا – ئەمەریکا لە دایك بووە و لە 1910/4/21 لە کۆنێکتیکەت- ئەمەریکا لە سواری ئەسپ کەوتۆتە خوارەوە و کۆچی دوایی کردووە. بە گەورەترین گاڵتەبازی ئەمەریکی ناسراوە و نازناوی " باوکی ئەدەبی ئەمەریکی" پێ بەخشراوە. وەرگێر لە 2020/4/5 وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کووردی.